# بینایی بۆ نابینایان دەگەڕێتەوە!

لـە کوردیـدا دەگوترێت کوێرە چـت دەوێ، دەڵێت دوو چاوی ساغ! دووچاوی ساغ یانی ژیانێکی دیکە، یانی ژیـان دیتـن و لە ژیـان رامان، نابینـاکان لەم نیعمەتەی ژیان بێبەشـن، ناچارن بۆ زۆربەی ئەرکەکانیان پشت بە بینـاکان ببەسـتن، بـەڵام چۆن دەکرێت لەم سـەردەمەدا نابیناکانیـش بتوانـن ببینن، ئامێرێـك هەبێت کە ئەگەر سـۆمای چاویشـیان بـۆ نەگەڕێنێتـەوە و رێنوێـن و گۆچانی دەستیان بێت.. لە ساڵی رابردوودا چاویلکەیەك بـۆ نابینـاکان دروسـتکرا کـە دەکرێـت وەك چاوسـاغ و رێنوێـن یارمەتیـان بـدات،

چاویلکـەی Aira. ئـەم داهێنانـەش لەلایـەن کەسـێکەوە بەرهەم هاتووە کە خۆشی نابینایە.

چاویلکـەی Aira کـە نابیناکـە بەرێـگا دا دەڕوات، فیلـم هەڵدەگرێتـەوە و بە هـۆی مۆبایلێکـەوە فیلمەکە بـۆ کۆمپانیـای بەرهەمهێن دەگوازرێنـەوە، کارمەندانی کۆمپانیـا کـە بـۆ ئـەم مەبەسـتە دانـدراون بـە وردی رێنوێنیـان دەکـەن و دیمەنەکانـی سـەر رێگایان نیشـان دەدەن، بـەڵام مانگانـە دەبێـت بڕێـك تێچـووی ئەم کارە بدەن.

نابیناکە لە هەر شوێنێك بێت و بۆ هەرشوێنێك بڕوات لەلایـەن کۆمپانیاکـەوە دەبیندرێـن و لـە ژێـر چاوەدێری دان، راسـتە هیـچ بیناییەك بـۆ نابینـاکان ناگەڕێتەوە، بەڵام بێ منەت دەبن لە یارمەتیدانی مرۆیی..



# بڵندگۆ دەبێتە ریمۆت کۆنترۆڵی تەلەڤزیۆن




لەم سەردەمەدا هەموو تیڤیەك ریمۆت کۆنترۆڵی خۆی لەگەڵە، ئەگەر لەماڵێکی قەرەباڵغدا بی یـان منـداڵ بچـووك هەبێـت زۆربەی جاران کۆنترۆڵـی تیڤی بزر دەبێت و لەبەردەسـت دانابێت، کۆمپانیایەك هاتووە بۆ چارەسەری ئەمە بڵندگۆیەکی داهێناوە کە هەم وەك بڵندگۆی تیڤی و ئامێرەکانی دیکە سوودی لێوەربگیردرێت و هەم وەك ریمۆت کۆنترۆی تەلەڤزیۆن.

سـپیکەری جـۆری sonos beam لەگـەڵ تەلەڤزیـۆن پەیوەند دەدرێـت و هەر لەو رێگایـەوەش دەکرێـت کۆنترۆڵـی تیڤـی بکەی. لەبـری ئـەوەی دوگمەیەك بۆ کوژانـەوە یـان بـۆ کەم و زیاد کردنی دەنـگ دابگری، بە دەنگی خۆت بە هـەر زمانێـك بێـت فەرمانـی پێدەکەی کە ئـەو ئەرکانە ئەنجـام بدات، دیارە لە پێشدا دەبێ بەکارهێنەر دەنگی خۆی پێناساندبێ. بەڕای گۆڤـاری تایمـی ئەمەریکـی ئەمـەش لـە ریـزی بژاردەکانی تەکنەلۆژیـای سـاڵی ٢٠١٨ دێت، بـەڵام جگە لەوەی کە مرۆ زیاتر بەرەو تەمبەڵی جەسـتەیی دەبات شـتێکی دیکە نییە.



# تواناکانی جیاوازن لە لاپتۆپی دیکە

چەند ساڵێکە لاپتۆپەکان لەگەڵ ئەوەیدا وەك کۆمپیوتەرێکی لاپتۆپ سوودیان لێوەدەگیردرێت، بەڵام ئەگەر بەکارهێنەری بیهەوێت دەتوانێت وەك تەبلێتیش بەکاری بێنێ، واتە دوو ئامێر لە یەك ئامێردا. لەم دواییەدا لاپتۆپێکی بەهێز لەلایەن کۆمپانیای سۆنییەوە بەرهەم هاتووە کە بە لاپتۆپی جۆری VAIO A12 ناسراوە، لاپتۆپێکە دەکرێت وەك پێنج ئامێری دیکە سوودی لێوەربگیردرێت. وەك: لاپتۆپ، تەبلێت، تایبەت کردن داتاشۆ، وەك تیڤی و هەروەها وەك کیبۆردێکی وایەرلیس.
کێشی لاپتۆپەکە ١١١٤ گرامە، واتە هەندێك لە کیلۆیەك زیاتر. رامی لاپتۆپەکە ١٦ گیگابایتە، هاردەکەی یەك ترابایتە. شاشەکەی ١٢,٥ ئینجە، بە کوالیتی نیشاندانی سەرووی HD.
شوێنی سێ کەلێنی USB و کەلێنێکی USB3 و کەلێنی دانانی کێبڵی HDMIهەیە. ئەوکاتە وەك تەبلێت سوودی لێوەردەگیردرێت هەتا ٨ کاتژمێر دەکرێت سوودی لێوەربگری و باتری دانابەزێت بەڵام گەر وەك لاپتۆپ سوودی لێوەربگری هەتا ١٥ کاتژمێر شەحنی دانابەزێت.





# داتاشۆیەکی بچووک و توانایەکی زۆر

کەلوپەل و بەرهەمەکانی چین هەرچەندە هەرزان بایین و لەلای ئێمە بە خراپی کوالیتیان بەناوبانگە، بەڵام لەراستیدا وا نییە و ئەوانەی مامەڵەی بەرهەمی چینی دەکەن کەلوپەلی بێ کوالیتی هاوردە دەکەن.
کۆمپانیای چینی شیائۆمی یەکێکە لە کۆمپانیا ناسراوەکانی بەرهەمهێنی تەکنەلۆژیای نوێ، کوالیتی ئامێرەکانی زۆر لە سەرێیە، لەم ماوەیەدا داتاشۆیەکی بەرهەم هێناوە کە بە جۆری WEMAX ONE 7000 ناسراوە، ڤیدیۆ پرۆژکتەرێك بە توانایەکی زۆرەوە. لەیزەری داتاشۆیەکە بۆ ٢٥ هەزار کاتژمێرە و دەتوانێت وێنەکان لە قەبارەی ١٥٠ ئینجدا نیشان بدات.
یەکەی لێکدانەوەکەی واتە CPUی داتاشۆیەکە لە جۆری T968 Cortex-A5یە، رامەکەی ٢ گیگابایە و هاردەکەی ١٦ گیگایە. فیلمەکان بە کوالیتی K4 نیشان دەدات، سیستەمی وای-فا و بلوتوسی هەیە.



## مۆتۆریش بە ئاسماندا دەفڕێت

لەم ماوەیەدا بۆ دەزگای پۆلیسی دوبەی جۆرێك مۆتۆرسكلیت بەناوی (Hoversurf) هاتووە، كە بە ئەرزدا ناڕوات و وەك فڕۆكەیەكی بچووك بۆ ئەوەی زووتر بگاتە ئامانجەكەی بە ئاسماندا دەڕوات، جگە لەو ناوەی ئاماژەمان پێدا بە مۆتۆری «هاڤێر بایك»یش ناسراون.

مۆتۆرەكە لە راستیدا كۆداكۆپتەرێكی مەزنە كە توانای هەڵگرتنی یەك كەسی هەیە و بۆ گەیشتن بە ئامانجەكان چ ئەمنییەتی بێت یان خزمەتگوزاری گەیاندن وەك پزیشكی و فریاكەوتن سوودی لێوەردەگیردرێت.

پۆلیسی دوبەی لەم ماوەیەدا وەك نمایشێك نیشانی دا و بڕیار وایە بە فرەیی بەكاری بێنێ، هەروەك لەكاتی فڕیندا ئاماژەی پێكرا مۆتۆڕەكە لەكاتی پێویستدا بۆ شوێنە هەستیارە و دژوارەكان بەكاردێت و لەو شوێنانەی ڕێگایان بۆ ناڕوات و یان قەرەباڵغن لە ئۆتۆمبیلی تایبەت بە پۆلیس زووتر دەگاتە ئامانج. مۆتۆڕەكە بە شێوەی ستوونی بەرز دەبێتەوە و هەر ئاواش دەنیشێتەوە، بە گشت لایەكدا بە خێراییەكی باش دەڕوات، خێراییەكەی ١٠٠ كیلۆمەترە و دەتوانێت هەتا ٥ مەتر بەرز بێتەوە. كێشەكەی ١١٤ كیلۆ دەبێت. هەتا ئێستا كێشەی سەرەكی مۆتۆڕەكە لە ماوەكەیدایە چونكە تەنیا دەتوانێت نیو كاتژمێر بفڕێت و شەحنی دادەبەزێت.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێك

خوێنەرێكی بەڕێز دەپرسێت پاسۆردم لەسەر لاپتۆپەكەم داناوە و ئێستا پاسۆردەكەم لەبیرچۆتەوە و نایێتەوە چ بكەم بۆ كردنەوەی لاپتۆپەكەم؟

خوێنەری بەڕێز بۆ كردنەوەی پاسۆردی بایۆسی كۆمپیوتەر واتە ئەو پاسۆردەی هەر لەسەرەتای هەڵبوونی كۆمپیوتەردا دێتە سەرشاشە، چەند ڕێگایەك هەیە، وەك دەرهێنانی باتری ناو كۆمپیوتەر كە باترییەكە لە شێوەی باتری كاتژمێر دەچێت و لەناو مەزەڵبۆرد دایە، بەڵام دەرهێنانی باتری بۆ كەسانی ناشارەزا كێشە دروست دەكات، بۆ تۆی بەڕێز باشترین ڕێگا بەكارهێنانی پرۆگرامی Hi-rens BootCD 15.2 كە پێشووتر لە ئینتەرنێت وەریبگرە و لە فلاش میمۆری دایبەزێنە و بیخە سەر كۆمپیوتەر، بچۆ ناو بۆتی كۆمپیوتەر و USB بكەوە و پاشان ئەو پرۆگرامە دابگرە و بە ئاسانی پاسۆردەكە لا دەچێت

## یارییە بەهێزەكان لەم ئامێرە بچووكەدا ئەنجام بدە

بۆ ئەنجامدانی یاریی ئەلكترۆنی بەهێز، پێویست بە ئامێرێكی گەورە و بەهێزد ەكات، وەك پلەی ستەیشن، PSP، كۆنسۆلی یاری مایكرۆسۆفت..تاد. جگە لە ئامێرەكان پێویستە تەلەڤزیۆنێكی بەهێزیش هەبێت بۆ نیشاندانی یارییەكان، بەڵام لەم ماوەیەدا PCیەكی بچووك تایبەت بە گەیم بەناوی smach Z بەرهەم هاتووە، دەكرێت یارییە بەهێز و قورسەكانی لەسەر ئەنجام بدەی و پێویست بە كۆمپیوتەر و شاشەی زیادی ناكات.

سیستەمی steam OSی لەسەرە و یەكەی لێكدانەوەی AMD Ryzenە و كارتی گرافیكی جۆری Radeon Vega 8ە. شاشەكەی ٦ ئینجە، جگە لە سیستەمی خۆی سیستەمی ویندۆز و سیستەمی لینۆكسی دەچێتە سەر. پێدەچێت لە ساڵی داهاتوودا ئەم ئامێرە بچووكە بكەوێتە بازاڕ.



# مۆنیتۆرێک بۆ گرافیک و دیزاین



لەم چەند ساڵەدا مۆنیتۆر (شاشە)ی مەزن بۆ ئەنجامدانی چەندین ئەرك پێکەوە بەرهەم هاتوون، پانتایی مۆنیتۆرەکان گەورەیە و بەقەد تیڤیەك دەبن و بەکارهێنەر دەتوانێ لە یەك کاتدا چەندین ئەرك پێکەوە ئەنجام بدات.

فلیپس لەم دواییەدا نوێترین مۆنیتۆری خۆی بەناوی BDM3470UP خستەڕوو، مۆنیتۆرەکە ٣٤ ئینجە و زۆر پێشکەوتووە و نوێترین تەکنەلۆژیای سەردەمی تێدا بەکار هاتووە.

لە شاشەی ناوبراودا لە تەکنەلۆژیای Crys-talClear بۆ نیشاندانی وێنەکان بە کوالیتی بەرز سوود وەرگیراوە، شوێنی USB و HDMI هەیە. خێراییەکی زۆری هەیە لە گەیاندن واتە دە جار خێراتر لە شاشەی ئاسایی. کوالیتی نیشاندان لەم مۆنیتۆرەدا QHDیە. گۆشەی دید ١٧٨ پلەیە بەجۆرێکە کە دەکرێت لە هەموو لایەکەوە سەیری دیمەنەکان بکەی.



## ماڵپەڕێک بۆ سەیرکردنی کەناڵە جیهانییەکان

بۆ وەرگرتنی کەناڵە ئاسمانییەکان هەرچەندە لە زۆربەی ماڵەکاندا ریسیڤێر «سەحن» هەیە، بەڵام ئەگەر جار هەیە لە شوێنێکی و هیچ ریسڤێرێك لەگۆڕێدا نییە، یان هەر خۆت حەز دەکەی لە تیڤی سەیری کەناڵە ئاسمانییەکان نەکەی و لە لاپتۆپەکەت سەیری بکەی، بۆ ئەم مەبەستە چەند ماڵپەڕێك هەن کە کەناڵە ئاسمانیەکان دەگوازنەوە.. یەکێك لەم ماڵپەڕانە ماڵپەڕی. https://streema.comیە. کاتێك ماڵپەڕەکە دەکەیەوە و گۆی زەوی نیشان دەدات و دەتوانی خۆت سێرچ بکەی و وڵاتی مەبەستت هەڵبژێری یان ناوی کەناڵەکەت بنووسی، ئەگەر کەناڵەکە لە ئینتەرنێتدا ساپۆرتی هەبێ ئەوە دەتوانی کەناڵەکە بکەیەوە، کوالیتی نیشاندانیش بەستراوەتەوە بەهێڵی ئینتەرنێت..

## گۆڕینی فۆرماتی فیلمی سەتەلایت

لەم سەردەمەدا کە گۆڕرانکاری بەسەر زۆربەی ئامێرە دیجیتالییەکاندا هاتووە، ئامێری سەتەلایتیشی گرتۆتەوە، «ریسیڤێر»ەکانی ئێستا کە بە زمانی بازاڕ «سەحن»ی پێدەگوترێ تواناگەلێکی زۆریان تێدایە، وەك ئەوەی بەبێ «سێڵ» و تەنیا لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە کەناڵەکان وەردەگرن، یان دەتوانی فیلم و پرۆگرامەکانیان خەزن بکەی و لەکاتی پێویستدا لێیان بدەیەوە یان بیانگوازیەوە بۆسەر کۆمپیوتەر..

لەکاتی گواستنەوەی فیلمەکان بۆ سەر کۆمپیوتەر کێشەیەك دێتە پێش، ئەویش ئەوەیە فۆرماتی فیلمەکان بە هەموو پرۆگرامێك ناخوێندرێنەوە و تەنیا تایبەتن بە «ریسیڤێر» بەڵام پرۆگرامی Aiseesoft Video Converter بە ئاسانی ئەم ئەرکە جێبەجێ دەکات، ئەم پرۆگرامە دەتوانێت فۆرماتی فیلمەکان دەکاتە سێ ڕەهەندی و هەروەها دەیانگۆڕێت بۆ HD و پێچەوانەش. دەکرێت فیلمەکان بە جۆرێك لێبکەیت لە گشت ئامێرەکانی وەك مۆبایل و تەبلێت و کۆمپیوتەردا بێ گرفت بخوێندرێنەوە.

پرۆگرامی ناوبراو جگە لەمە فیلم لە ئینتەرنێت وەردەگرێ و دەکرێت دەستکاریشیان بکەی. دەکرێت چەندین فۆرمات لە یەك کاتدا بگۆڕی.

